ژمارەی تانەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە 130 تانە بەرزبووەوە

ئەمە چوارشەممە، کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕایگەیاند: ژمارەی تانەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە 130 تانە بەرزبووەتەوە.

وتەبێژی کەمسیۆن جومانە غەلای، لە بەیاننامەیەکی کورتدا کە دەستی موتەبەع کەوتووە، دەڵێت: ژمارەی تانەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی 2025 بە 130 تانە بەرزبووەتەوە.

جێی باسە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو (17ی تشرینی دووەمی 2025)، کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە دەنگدانی گشتی و تایبەت ڕاگەیاند، هاوکات کردنەوەی دەرگای تانەدان لە ئەنجامەکانی ڕاگەیاند کە بە ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.